گوڵان

# کام ئاستی بەرزی شەکری خوێن مەترسیدارە؟




بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن Hyperglycemia تا ٢٤٠ ملگم/دێسیلیتر یان زیاتر بە ترسناك هەژمار دەکرێت. بەگشتی ئاستی شەکری خوێن لە خورینی زیاتر لە ١٣٠ملگم/دێسیلیتر بە زۆر بەرز هەژمار دەکرێت، هەروەها ئاستی بەرزتر لە ١٨٠ملگم/دێسیلیتر بە ئاستی زۆر بەرز هەژمار دەکرێت. لە لایەکی ترەوە، چەند سەرچاوەیەکی پزیشکی ئاماژەیان بەمە کردووە کە ئاستی شەکری خوێن ئەگەر لە ٣٠٠ملگم/دێسیلیتر بەرزتر بێت ئەوا دەبێتە حاڵەتێکی تەنگاوی پزیشکی و پێویستی بە چارەسەری کتوپڕەوە دەبێت بە شێوەی دەرزی ئینسولین و پێدانی شلە لە ڕێگای خوێنهێنەرەوە IV fluids . گرفتە تەندروستییەکانی پەیوەست بە ئاستی بەرزی شەکری خوێن بریتین لە گرفتە کتوپڕەکان و درێژخایەنەکان. گرفتی کتوپڕ بریتییە لە پەیدابوونی ماددە کیتۆنیەکان Ketones لە ئەنجامی شیبوونەوەی چەوری لەجیاتی شەکر کە خانەکان ناتوانن سوودی لێوەربگرن، ئەمەش حاڵەتێکی زۆر مەترسیدارە و پێویستی بە چارەسەری خێرا هەیە، نیشانەکانی بریتین لە: زیاد تێنووبوون، زیاد میزکردن، هێڵنج و رشانەوە، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی و ناڕحەتی، خێرابوون و قووڵبوونی هەناسە، سك ئێشە، شێوان، بۆرژان، لەهۆشچوون(کۆما). کاریگەرییە درێژخایەنەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن ئەمانەن: تێکچوون و رەقبوونی بۆڕییە گەورەکانی خوێن کە ئەگەری تووشبوون بە جەڵتە و نۆرەی دڵ زیاد دەکات، گرفت لە خوێنبەرە بچووکەکانی چاو و گورچیلە و دەمارەکانی لەشدا، هەوکردنی دەمارەکان Neuropathy بەتایبەتی دەمارەکانی دەوروبەر.

# لابردنی لەوزەکان بۆ کێ پێویستە؟

هەوکردنی لەوزەکان Tonsillitis بە بەکتریا یان ڤایرۆس باوترین نەخۆشی لەوزەکانە. هەوکردنی لەوزەکان بە ڤایرۆس لەخۆیەوە چاکدەبێتەوە و لەگەڵ هەراشبووندا منداڵ کەمتر دوچاری دەبێت، بۆیە پێویست بە نەشتەرگەریی لابردن ناکات، بەڵام نەشتەرگەری وەکو چارەسەری بنەڕەتی پێویستە بۆ حاڵەتەکانی دووبارەبوونەوەی هەوکردنی بەکتریایی لەوزەکان کە دەبێتە هۆی گرفتی تەندروستی و کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر کوالیتی ژیانی منداڵ. بڕیاری نەشتەرگەریی لابردنی لەوزەکان Tonsillectomy پەیوەستە بە بڕیاری دکتۆر و تەندروستیی گشتیی کەسی تووشبوو. بەگشتی نەشتەرگەری لابردنی لەوزەکان ئەنجام نادرێت بۆ حاڵەتەکانی هەوکردنی بەکتریایی لەوزەکان کە کەمتر بن لە ٣ جار لە ساڵێکدا، بەڵام بۆ قوتابییەك پێویست دەکات کە لەبەر دووبارەبوونەوەی هەوکردنی لەوزەکان لە قوتابخانە دوابکەوێت یان گەورەبوونی لەوزەکان گرفت بۆ نووستن پەیدابکات. بە رای گەلێك لە پسپۆرانی نەخۆشییەکانی قوڕگ و لووت و گوێ، ئەگەر هەوکردنی لەوزەکان ساڵانە ٧ جار یان زیاتر بێت ئەوا پێویست بە نەشتەرگەیی لابردنی دەکات.نەشتەرگەریی لابردنی لەوزەکان بە شێوەیەکی حەتمی پێویست دەکات لەم حاڵەتانەدا: هەوکردنی لەوزەکان کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٣ مانگ بەردەوام بێت سەرەڕای بەکارهێنانی دەرمان، گیرانی ڕێڕەوەکانی هەناسە لەبەر ئاوسانی زۆری لەوزەکان بەتایبەتی هەناسەڕاوکێ لەکاتی نووستندا Sleep apnea، گرفت لە قووتدانی خۆراك، خوێنبەربوونی زۆر لە لەوزە هەوکردووەکان.







# بۆچی پرۆستات گەورەدەبێت؟

گلاندی پرۆستات Prostate دەکەوێتە بەشی پێشەوە و خوارەوەی میزڵدان، دەوری ملی میزڵدان و بۆڕی میز دەدات، کێشی پرۆستات تەنیا ٢٠ گرامە و قەبارەکەی بەقەد دانە گوێزێکە، بەشێکی ماسوولکەییە و بەشێکی گلاندە، دەردراوەکەی بە ژمارەیەك جۆگەی وردەوە دەگەنە ناو بۆڕی میز(ئەو بەشەی بۆڕی میز کە کەوتۆتە ناو پرۆستاتەوە). گلاندی پرۆستات شلەیەکی تفت دەردەدات کە بەشی هەرە زۆری شلەی تۆواو پێکدێنێت. ئاوسانی پرۆستات BPH حاڵەتێکی پاکی ناشێرپەنجەییە،لە نزیکەی هەموو پیاوێکدا لەگەڵ بەساڵاچووندا بەدی دەکرێت. ئاوسانەکە لە ئەنجامی دابەشبوون و زیادبوونی خانەکانی گلاندی پرۆستات روودەدات، ئەمەش فشار دەخاتە سەر بۆڕی میز و دەبێتە هۆی سنووردارکردنی لێشاوی میز. لە سەرەتای ئاوسانی پرۆستاتدا، دیواری میزڵدان ئەستوور دەبێت لەبەر فشاردانی زیاد لەکاتی میزکردندا، ئەمەش هۆکارە بۆ زیاد هەستیاربوونی دیواری میزڵدان و زوومیزکردن و پچڕبوونی میزکردن. هۆکاری تەواوی ئاوسانی پرۆستات نەزانراوە، فاکتەرە هاندەرەکان بریتین لە هۆرمۆنە نێرینەییەکان(ئەندرۆجینەکان Androgens) و هۆرمۆنی ئیسترۆجین. گەورەبوونی پرۆستات ئەگەر لەکاتی گونجاودا چارەسەرنەکرێت ئەوا لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری پەنگانەوەی میز لەناو میزڵدان و ڕێڕەوەکانی میزەڕۆدا کە ئەمەش هۆکارە بۆ گەلێك گرفتی وەکو: هەوکردنی ڕێڕەوەکانی میزەڕۆ، دروستبوونی بەردی میزڵدان، بۆقکردنی دیواری میزڵدان Diverticulae، تێکدانی گورچیلە، لەگەڵ نەمانی توانا بۆ میزکردن کە حاڵەتێکی تەنگاویی پزیشکییە و پێویستی بە چارەسەری خێرا هەیە.



## دیكسۆن بەكارمەهێنە بۆ زیادك




ئەگەرچی دێكزامیتازۆن Dexamethasone كە بە دیكسۆن ناسراوە، یەكێكە لە دەرمانە ستیرۆیدییەكان كە لە پزیشكیدا بۆ چارەسەركردنی گەلێك حاڵەت و نەخۆشیدا بەكاردێت وەكو هەستەوەری، چەند گرفتێكی پێست بەتایبەتی نەخۆشیی سەدەف Psoriasis، كولبوونی كۆڵۆن، هەوكردنی جومگەكان، نەخۆشییەكانی كۆئەندامی هەناسە وەكو ڕەبو..تاد، بەڵام هەندێك كەس بە مەبەستی زیادبوونی كێش دیكسۆن بە شێوەی دەنك



## هۆكاری پژمینی بەیانیان

## لەگەڵ یەكەم دووگیانیدا ژیانی ئافرەت هەتا هەتایە دەگۆڕێت

دووگیانبوون گەلێك لەمە سەختترە كەبیری لێدەكەیتەوە بەتایبەتی لە نزیك تەمەنی ٤٠ ساڵیدا. دووگیانی Pregnancy تاقیكردنەوەیەكی گەورەیە لە ژیانی ئافرەتدا، هەروەها ستایلی ژیانی ئافرەت بۆ هەتا هەتایە دەگۆڕێت. زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتان لەگەڵ یەكەم دووگیانبووندا دوچاری نیگەرانی و ترسی زۆر دەبنەوە. ئەمە روونە كە لەگەڵ دووگیانیدا گەلێك نیشانە و گۆڕان لە لەش و لایەنی دەروونی ئافرەتدا روودەدەن كە لەوانەیە هەندێك ئافرەت بەم راستییە زانستییانانە ئاشنا نەبن، بۆنموونە گێژبوون و هێلنج یان رشانەوەی بەیانیان، تێكچوونی خەو و خەونی ناخۆش یان كابوس، هەروەها گەورەبوونی قەبارەی منداڵدان كە كاریگەریی نەرێنی دەكاتە سەر هەڵبژاردنی پۆزیشنی نووستن، ئاوسان لە گۆزرینگ و پەنجەكانی پێدا، دڵەكوتێ، ئاوسان و خوێنبەربوون لە پوكدا بەتایبەتی لەكاتی شووشتنی ددانەكان، زیادبوونی ئارەقەكردن، دابەزینی پەستانی خوێن لەبەر گۆڕانە فسیۆلۆژییەكانی پەیوەست بە دووگیانی كە دەبێتە ئەگەری سەرسووڕان یان هەتا بوورانەوە.

# ــــــــــردنی کێش

یان شروب بەکاردێنن بێ ئەوەی کە درك بە زیانە لابەلاکانی بکەن. دیکسۆن هۆکارە بۆ زیادبوونی کێشی لەش چونکە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئارەزووی خواردن و کۆبوونەوەی شلەی زیاد لە لەشدا بەتایبەتی لە ناوچەی دەموچاو و مل و ورگدا، بە مانایەکی تر، زیادبوونی کێش لەگەڵ بەکارهێنانی دیکسۆندا دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی شلە لە لەشدا نەك زیادبوونی ڕێژەی چەوری لەش کە لە حاڵەتەکانی زیادبوونی کێش و قەڵەوی ئاساییدا بەدی دەکرێت. زیانە لابەلاکانی دیکسۆن بریتین لە: هێڵنج، ڕشانەوە، ناڕحەتیی گەدە، ئاوسانی قاچەکان، زوو هەڵچوون، پەیدابوونی زیپکە، سووربوونەوەی پێستی دەموچاو، پەیدابوونی ئاسەوارەکانی گورجبوون لەسەر پێستدا، کولبوونی گەدە، سەرئێشە، تێکچوونی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان و ئەگەری نەزۆکی لە ئافرەتدا، موودەردان، بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، هەستکردن بە هیلاکی و بێهێزیی، سك ئێشە، زیادبوونی ئەگەری هەوکردنە میکرۆبییەکان، ئازار لە شان و ئێکەکان، سەرسووڕان، پووکانەوەی ئێسك، گۆڕان لە مەزاجدا بە شێوەی خەمۆکی و گرفت لە خەو. بۆیە هەرگیز هەوڵ مەدە کە دیکسۆن یان هیچ دەرمانێکی تر بە مەبەستی زیادکردنی کێش بەکاربێنیت.



گەلێك کەس ڕاستەوخۆ، یان کەمێك پاش لەخەوهەڵسان دوچاری پژمین دەبنەوە کە لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ خورشت و زیاد فرمێسککردنی چاو، یان گیرانی لووت. پژمینی بەیانیان Morning sneezing لەبەر هۆکاری ژینگەیی و هۆکارەکانی پەیوەست بە سستمی بەرگریی لەش ڕوودەدات. ئەگەرچی هۆکاری زۆربەی حاڵەتەکانی پژمینی بەیانیان دەگەڕێتەوە بۆ هەستەوەریی کۆئەندامی هەناسە وەکو کاردانەوەی لەش بەرانبەر بە ماددەی بیانی، بەڵام ئەمە ڕاستییەکی زانستییە کە پژمین وەکو کاردانەوەیەك لەکاتی نووستندا دەوەستێت تا کاتی لەخەو هەڵسان، بۆیە لەم کاتەدا پژمین دەستپێدەکات. هۆکارەکانی تر بریتین لە:بەرکەوتن بە هەوای سپلیت یان هەوای وشك لەکاتی نووستندا کە دەبێتە ئەگەری وشکبوونی ڕێڕەوەکانی لووت، هەستەوەریی لووت Allergic rhinitis کە زیاتر بە سپۆرەکانی کەڕوو یان تۆز و خۆڵی ناوماڵ لەکاتی نووستندا ڕوودەدات بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا، بەکارهێنانی هەندێك جۆری دەرمان پێش نووستن بۆنموونە دەرمانە ستیرۆیدەکان و دژەهەستەوەرییەکان، هەوکردنی گیرفانەکانی لووت(جیوب). هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی پژمینی بەیانیان ئەمانەن: پاکوخاوێنی تاکەکەسی، بەکارهێنانی هەندێك جۆری دەرمان بە ڕێنمایی دکتۆر، دڵنیابوون لە فلتەری سپلیت، لە هەندێك حاڵەتیشدا گۆڕینی جۆری سەرین ئەگەر گومان لە ماددەی سەرین هەبێت وەکو هۆکارێکی هەستەوەری.